لیژنەی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ ئامادەکردنی ڕێشنوسێک لەبارەی کابینەی دەیەمی حکومەت کەدەبنەوە

بەیارە سبەینێ چوارشەممە جارێکی دیکە لیژنەی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ ئامادەکردنی ڕێشنوسێک لەبارەی حکومەتی کابینەی دەیەمی هەرێمی کوردستان کەببنەوە.

میدیای فەرمی یەکێتیی ڕایگەیاند، گفتوگۆی لایەنە تەکنیکییەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لێنیوان یەکێتی و پارتی بەردەوامی هەیە و سبەینێ جارێکی دیکە لیژنە هاوبەشەکەی هەردوولا کەدەبنەوە.

لیژنە هاوبەشەکە ئەرکیانە ڕێشنوسێک لەبارەی چۆنێتی حکومەتی داهاتووی هەرێم ئامادە بکەن، کە لەئێستادا بەشێکی زۆری کارەکانیان تەواو بووە و پاشان ڕێشنوسی کۆتایی گفتوگۆکانی لیژنەکە دەخرێتە بەردەم هەردوو وەفدی باڵای یەکێتیی و پارتی بۆ بەیاردان لێسەری.

پێشتریش وتەبێژی یەکێتیی لەکۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندبوو، لەئێستادا لەنێوان یەکێتیی و پارتیدا باس لەهیچ پێستێک نەکراوە، ئەوەی دەوترێت و باس لە دابەشکردنی پێستەکان دەکرێت پووپاگەندەیە، ئەگەر لەسەر بەرنامەی حکومەت ڕکنەکەوین یەکێتیی پێستی بچییە.